# مریشك و هەزارپێ

Winny Asara
Magriet Brink
Agri Afshin
3
کوردی ckb

مریشك و هەزارپێ هاوڕێ بوون، بەڵام هەمیشە حەزیان لێ بوو پێکەوە پێشبڕکێ بکەن. ڕۆژێك پێکەوە یاری تۆپی پێیان کرد بۆ ئەوەی بزانن کامیان باشترین یاریزانە.

پێکەوە چوونە گۆڕەپانی تۆپی پێ وەرزشییەکانیان دەست پێ کرد. مریشك خێرا بوو، بەڵام هەزارپێ خێراتر بوو. مریشك شەقی لە تۆپەکەی دا و بۆ دوور رۆیشت بەڵام تۆپەکە بە شەقی هەزار پێکە دوورتری رۆیشت.

مریشك هەر دەهات تورەتر و تورەتر دەبوو.

ئەوان بڕیاریان دا کەڕییەکی پەناڵتی جەزا لێدان بکەن. یەکەم جار هەزارپێ گۆڵچی بوو. مریشك تەنیا گۆڵێکی کرد. دواتر نۆرەی مریشك بوو کە گۆڵچی بێ.

هەزارپێ شووتێکی لێدا و گۆڵی کرد. هەزارپێ دریبلێکی کرد و گۆڵی کرد. هەزارپێ بە سەر گۆڵێکی کرد. هەزارپێ پێنج گۆڵی کرد.

مریشکەکە لەبەر ئەوەی دۆڕاندبووی، زۆر تووڕە بوو. ئەو زۆر خراپی دۆڕاندبوو. هەزارپێ دەستی بە پێکەنین کرد، چونکە هوڕێکەی گوڕە گوڕی دەکرد.

مریشك زۆر تووڕە بوو دەنووکی کردەوە و هەزراپێیەکەی قووت دا.

کاتێك مریشك دەچووەوە ماڵێ، چاوی بە دایکی هەزارپێ کەوت. دایکی هەزارپێ لێی پرسی: “منداڵەکەی منت نەدیوە؟” مریشك هیچی نەگوت. دایکی هەزارپێیش نیگەران بوو.

پاشان دایکی هەزارپێ گوێی لە دەنگێکی لاواز بوو کە دەیگوت: “دایە یارمەتیم بدە!” دایکی هەزارپێ چۆوی بە دەوروبەری خۆیدا گێڕا و بە باشی گوێی بۆ دەنگەکە ڕاگرت. دەنگەکە لەناو مریشکەکەوە دەهات.

دایکی هەزارپێ هاواری کرد: “رۆڵە ئەو فێڵەی بەکار بێنە کە دەتوانی!”

هەزارپێ دەتوانێ بۆنێکی دڵخۆش و تامێکی دڵخۆش دروست بکات.

مریشك هەستی بە تێک چوون کرد.

مریشك ئەرشایەوە. تفی قوتدەدایەوەو فرێی دەدایەوە. دەپشمی و دەکۆخی. دوایی ئەڕشایەوە. هەزارپێیەکە زۆر قێزەون بوو.

مریشك ئەوەندە کۆخی تا ڕشایەوە و هەزارپێی لەناو سکی فڕێدایە دەرێ. دایکی هەزارپێ و منداڵەکەی چوونە سەر دارێکی بۆ ئەوەی خۆیان بشارنەوە.

لەوکاتەوەدا ئێستا مریشکەکان و هەزارپێکان بوونەتە دوژمنی یەکتر.

# Global Storybooks

globalstorybooks.net

## مریشك و هەزارپێ

Winny Asara
Magriet Brink
Agri Afshin

CC BY